# ڕەهەندە نادیارەکانی نمایشی شانۆی جانگۆری

مەولان حەمەدەمین

سەرەتا دەبێت بڵێم زیاتر مەبەستم دەربازبوون و جیاکردنەوەی ڕەخنەی ئەدەبییە کە فیکر و پەیامی تێدا بەرجەستە دەبێت، لە شێوازی هونەری کارکردن کە شێوازی خستنە ڕوو و چیژی تێدا بەرهەم دێت.

ڕەنگە ساتە بێزارییە بچووکەکانمان بەبێ پێناس لە هزری ئێمەدا خۆیان مەڵاس بدەن و وێنایەکی گشتگیر بە کۆی گشتی بەرهەمە هونەرییەکان بدەن، ئەمە فێڵێکە لە خۆمان دەکرێ بەبێ ویستی خۆمان لە نائاگاییەوە بێ بوونی تانەی زانستی تێدەپەڕن و غەدرێکیشە لە بەرهەمێک.

بەر لەوەی بچینە نێو شرۆڤەی نمایشەکە، دەبێت بڵێم ڕەنگە ئەم نووسینە خوێنەرێکی هەبێت شانۆکار نەبێت و بیخوێنێتەوە، یان شانۆکارێک کە نمایشەکەی نەبینیبێت و حەز بە خوێندنەوەی بکات بۆ ئەوەی لە هزری خۆیدا وێنای بکات، بۆیە دەبێت تیشکێک بخەینە سەر بابەتی نمایش، پاشان بێمەوە بۆ جیاکردنەوەی سەرنجە جیاوازەکانم کەوای لێ کردم بۆ دەرباز بوونم لەم دوو جەمسەری چێژ و سەرنجانەم دەربازبم و دووبارە بچمەوە سەر پێناسکردنەوەیان.

نمایش لە دەستپێکدا بە ناوێکی کوردی ڕەسەن بۆ وشەی عەرەبی شەهید سەرنجی ڕاکێشام کە (جان گۆڕی)یان بەکارهێنا بوو، باسەکە لە ڕووی ئەدەبی بابەتەکە باس لە جێماوی هەستە مردووەکانی کەسی جێماوی دوای شەهید دەکات لە بارودۆخی تێکشکاودا بەدی دەکرێن و هەموو ژیانیان لە نێو تابووتێکە بەو مانایەی بیر و هۆشیان تێپەڕی ئەو زەمەنە ناکات کە تێیدا بەتەنیا جێ ماون، ئافرەتێک ڕۆڵی ژنە شەهیدێک دەبینێت و لاوێک ڕۆڵی شەهید، کە لە دیمەنی بەر لە



ناوەراست وەک خەیاڵ، یان خەون دەردەکەوێت و دەردەدڵی یەکتر دەکەن، لە لایەنە هونەرییەکەش لەم هۆڵەی کە نمایشی تێدا پێشکەش کرا، ماوەیەک لەمەوبەر ئەم هۆڵە بە هۆی ئاگر کەوتنەوە سووتا کە چەندە وێرانەیە، بەڵام دیوارە ڕەش هەڵگەڕاوەکانی بۆ ئەم نمایشە زۆر کەشێکی هاریکار بوو بۆ بابەتێک باس لە ڕووداوی تەقینەوە و شەهیدبوونەکان بکات، سەر تەختە بە خامی سپی داپۆشرابوو، وەک پێچانەوەی کەون بە کفنی مردوو لەگەڵ دەرکەوتنی سەرەتا بە بوونی دووکەڵی دروستکراو و ڕەنگە تێکەڵکراوەکانی ڕووناکی و جلی سپی کارەکتەری ئافرەت لە کەشێکی فەنتازی جوان دەست دەکات بە دیالۆگکردن لەگەڵ تابووتەکەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، لەگەڵ دەرکەوتنی ڕوحی شەهید چەندان باس هەڵدرانەوەو لە دوو ڕەهەندی جیاوازەوە، گۆشەنیگای تێفکرین لە چەمکی شەهید گفتوگۆ کران، ڕوویەکی نائومێدی بنەماڵەکە و ڕوویەکی فیداکاری کەسی شەهید بوو لە دوا دیمەندا کارەکتەری ژن خۆی و تابووتەکەی لەسەر تەختەی شانۆ دەردەچن.

ئەمە وەک نمایش، بەڵام سەرنجی من لەم نمایشە لێکترازاوە بەسەر دوو لەتی یەک لاشەی نمایشێکدا، ئەویش لایەنی هونەری لە ڕووی پێکهێنانی نمایش، دووەم لایەنی فیکری لە نێو خستنەڕووی بابەت و گوتاردا، چونکە من سەرنجم لە سەر بابەتەکە لە ڕووی فیکرییەوە هەبوو دەیخەمە کۆتا باس.

بۆ لایەنە هونەرییەکەی ئەم نمایشە، چەند خاڵێک دەستنیشان دەکەم کە بۆ شیکردنەوەکەی پێی سەرسام بووم. کۆی گشتی بەرهەمەکە لە ڕووی نمایشەوە، چرکەساتێکی بەتاڵ بەدی نەکرا کە هەست و سۆزی تێدا بەرجەستەی کارەکتەر نەکات، دەرهێنەر زیرەکانە پێداگری لە هەموو ساتەکانی نواندن کردبوو، بەوەی بە مەبەستی بەتاڵکردنەوەی هەڵچوونی ئەکتەر هەستەکانی بەسەر جووڵەدا دابەش نەکردبوو، بەڵکو ڕێگا ڕاستەکەیان وەرگرتبوو هەست و سۆز بڕیاری جووڵەی ئەکتەری دەدا، بۆیە هەموو ساتێک ئامادەیی بوونی تەواویان لەسەر تەختە هەبوو، هەموو دەربڕینێکیان وەک (تلقائی) ڕاگوزەری خۆیان بوون.

١- کاری دراماتۆرگی بۆ بنیادنانی دەقی خۆماڵی.
٢- بەکارهێنانی مایک بۆ دیالۆگ.
٣- ڕیتم لە نواندن.
٤- دابەشکردنی دیالۆک بەسەر هەستەکاندا.

### ١- کاری دراماتۆرگی بۆ بنیادنانی دەقی خۆماڵی

لە کۆی هەیکەلی نمایشدا، شتێک بۆ شانۆ زۆر گرنگە، ئەویش دەقە، خاڵی پێوەندی بەستنەوەکان سەرەتا دەرهێنەرێک خوێنەری دەقێکە و پێوەندی لەگەڵدا دەبەستێت، پاشان بۆ پراکتیزەکردنی دەقە ئەدەبییەکە لەگەڵ ئەکتەران، دواتر لەگەڵ ئەو لایەنەی هەموو پرۆسەکە دەکەوێتە خزمەتی، ئەویش بینەرە، ئا لێرەدا باشتر هەست بە بوونی دەرهێنەرێک دەکەین کاتێک لە ژێر ڕۆشنایی ڕووناک فیکرییەکی تەواودا کاری دراماتۆرگی بۆ لە دایکبوونی بەرهەمێکی نوێ تا پێوەندییەکی توندوتۆڵتر بە بینەرەوە ببەستێت، لە دەقێکی ئەدەبی خۆماڵی بە بابەت و ناوەڕۆکەوە، بێ گومان هەر دەقێک بۆ سەردەم و ژینگەی خۆی نووسراوە، سەرەڕای جیاوازی کولتووری نێوان گەلان.

ئەی جیاوازی دەربڕین و زمانی گێڕانەوە چەندە جیاوازە لە نێوان نووسەرێک کە پشت بە ڕیزکردنی وشە دەبەستێت و بۆ خوێنەری دەنووسێت لەگەڵ زمانی گێڕانەوەی دەرهێنەرێک ئامرازەکانی دەربڕین، هەست و سۆز و حاڵەتە درامییەکانە ئا لەوێدا چەندان زمانی تر دەکەوێتە گۆ، زمانی ڕەنگ هەست و سۆز، جەستە ئەم هەموو زمانە بێنە گۆ، زۆر لە دیالۆگەکان بەهایان نامێنێت و لا دەدرێن، بۆیە دەرهێنەر دەبێت بزانێت لە دەقدا چی پێویستە و چی لێ زیادە، هەروەها گۆڕینی دەقە ئەدەبییە ناشانۆییەکان بۆ شانۆ.

بۆ خۆماڵی کردنی دەق، جوانترین شێوازی هونەری



ستران بوو. وەک بەشێک لە کولتوور تێکەڵ بەم یارییانەی نێو نمایش کرابوون.

### ٢- بەکارهێنانی زمانێک بۆ دیالۆگ

مایک بۆ بیستنی دیالۆگ، نەوەک بۆ گەورەکردنی دەنگ زۆر جیاوازە، ئەمەی دووەمیان کە لەنێوخۆدا تا ئێستا کراوە، بێزارکەر و دوورکەوتنەوە بووە لە هەست و سۆزی ئەکتەر، بەڵام بۆ بیستن بە شێوازێکی پڕۆفیشناڵی و پیشەگەری تەنیا لەکارەکانی (گرووپی ڕۆهری) ئەڵمانەکانم بینی، ئەم کارەش یەکەم کاری ناوخۆ دەبێت کە بە شێوازێکی داهێنەرانە توانییان لە ڕێی مایک و ئامێر و کەسی خاوەن توانایی ئەم کارە بکەن، بە شێوازێک چێژ بەخش بوو کە ئەکتەر بچووکترین هەڵچوونەکانی وەک هەناسەیەک بە بینەر دەگەیشت، بەڵام بیستنی هەناسە، تەنیا ئەوکاتانەیە کە مرۆڤ لە تەنیاییدا گوێی لە هەناسەی خۆی دەبێت، کاتێکیش گوێت لە هەناسەی کەسانی تر دەبێت، هەست بە نزیکییەکی زۆر دەکەیت تا ئەوکاتەی پێوەندی تەواوی دەوروبەری خۆت دەپچڕێت، پێوەندی بیستن- بینین بە شێوازێک دێتە ئاراوە هەست دەکەی ئەکتەر بەو ئەندازە نزیکە، کە توانایی دەست لێدان و بەریەککەوتنی لەگەڵتدا دەبێت، جگە لەوە، بوو بەهۆی بە فیرۆ نەدانی تواناییەکانیان کە هەمووی لە ڕێی بێ دەنگ مانەوەیان لە ئارامییەکی تەواو و بێ گرژ بوون.

### ٣- ڕیتم لە نواندن

دوو سوود بە ڕیتم گەیانرابوو، یەکەمیان سوود لە تەکنیکی دەنگی وەرگیرابوو، دووەمیان لایەنی ئەدەبی کارەکە ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕیتمی ئەکتەرەکانەوە هەبوو، ڕیتم بەشێوازێک بنیاد نرابوو، کە هەماهەنگ بوو لەگەڵ ترپەی دڵ، نەرم وەک ئەوەی زمانێکی نوێ داهێنرابێت و ڕوحی تێدا گوزارشت بکات، نەوەک عەقڵ، ڕێکخەری وشە بێت، لایەنی تەکنیک بۆ ئەم ڕیتمە مانەوەی ئەکتەرەکان بوو لە ئارامی تەواوی هەست و نەست ئامادەییان لە سەرتەختە، بێ لە دەستدانێکی بێ سوود، وەک ئەوەی لە هەڵچوونێکدا وزەی زۆر لە دەست بدەیت، گرژی و ئارەقکردن بە ئەکتەرەوە دیاربێت توانایی گوزارشتی کەم ببێتەوە، ئەمانە بەدی نەکران، بەشی گرینگی یارمەتیدەری ئەم حاڵەتە تەکنیکی دەنگ بوو.

بەشە ئەدەبییەکەی کە سوودی بە ڕیتمی ئەکتەر گەیاند تا لە ڕیتمێکی ئارام و گوزارشتکەردا بمێنێتەوە، ئەوەبوو دەرهێنەر لە قووڵاییەکی تەواو قووڵەوە دەستی گەیشت بە گوزارشتی بابەت، لە دوای ڕووداو دەستی کرد بە دەربڕین لە ڕووداو، هەروەک ڕۆژانی سەرەتای مردن قیژەی زۆر دەبیستریێت، بەڵام دوای تێپەڕینی ماوەیەک بەسەر ڕووداوەکان، ئازاری جودایی و ماڵی چۆڵ دەست پێ دەکات، بەڵام ئەوکات هیچ قیژە و هاوارێک لە ئارادا نییە، بێجگە لە نەرمە فرمێسکێکی پڕ لە ئازار، ئەم فرمێسکە بێ دەنگانە کۆکرانەوە و کراون بە دیالۆگی ئارام و ئازاربەخش بۆ ئەم نمایشە.

### ٤- دابەشکردنی دیالۆگ بەسەر هەستەکاندا

دابەشکردنی دیالۆگ بەسەر هەستەکاندا، نەوەک بەسەر جوولە و جێگۆڕکێی ئەکتەر کە بووەتە هەروەڵە و غاردان لە سەر تەختەی شانۆ، ئەمە دیوێکی گشتی کارەکانی وەرگرتووە، هۆکاریشی توانایی مانا بەخشین بە دیالۆگەکانیان نییە تا هەست و سۆز بۆشاییە بچووکەکان پڕ بکاتەوە، زیاتر بە گشتی لە هەوڵی وەرگێڕانی دیالۆگدان بۆ جوولە.

بە پێچەوانەی ئەم شێوازە، دەرهێنەر خۆی لە نواندنێکی دروست کراو (تصنع) دەربازکرد، کە چێژ لە بینەر دەبڕێت و زیاتر بەرەو ڕاڤەکردنی کارەکتەرەکان هەنگاو نرابوو، واتە (پێرفۆرمانس ) ئەدا کردنی ڕۆڵەکان، ویستەکان لە ڕێی دۆزینەوەی چرکەساتەکان، پێش دیالۆگ خرابوون

وەک ئەو دیمەنەی لە ڕووکەش وشکە، تەنیا دوو ئەکتەر لەسەر تابووتێک دانیشتبوون، بەڵام بەهۆی هەستی

ئەکتەرەکانەوە کە بەشێوازێک قاچیان نەرم دەجوولاند، دیمەنێکیان خستە بەر چاو سروشت و کانی و ئاو لەسەر تەختە بەرجەستەبوو

لە ڕووی فیکرییەوە، جگە لە ڕووبەڕووکردنەوەی دوو ڕەهەندی جیاوازی بیرکردنەوە لە بابەتێک، مەودایەکی فراوانتری بە تێگەیشتن و تێڕامان بە چەمکی شەهید دا لەدیدی فیداکار و گەورەیی بەردەوامبوونی لە دیدی کەسانی جێماوی شەهید هەبوو بەهۆی ژینگەیەکی پڕ لە هەلپەرست، هەست بە پەراوێز خستن دەکەن و واتایەکی تری هەبوو، ئەگەر ڕوحێک توانایی گەڕانەوەی نەبێت، دەرهێنەر توانی ئەوە بکات کە ئێمە بباتە لایان بۆ گفتوگۆیەکی گەرم، بەڵام لەکولانەوەی برینێک زیاتر هیچ سارێژ نەبوو.

جوولاندنی هەست و سۆز بێ هوودەییە، هیچ کەسێک نییە بە مردن نەگات، پاشان بەجۆری خۆی هەست بە ئازاری خۆی نەکات، ئەمەش وەک جۆری خەوتن و خواردنە هەر کەسە و بە شێوازی خۆمان دەژین، هیچ کەسمان نازانین ئەوی ترمان چۆن خۆی دەشوات تا بە ئازار چەشتنی بزانین، تا هەوڵی بێهوودەیی ئەوە بدەین وەک یەک ئازار بچێژین و هەستی پێ بکەین.

تاکە شت ئەوەیە مەرگ لە شوێنی خۆیدا ئارامە کاری خۆی بکات، نەوەک مرۆڤ چەندان کاری نەکراوی مابێت کاری مردن بکات، یان مەرگ وادەی لێ بگرێت، ئەگینا مردن بۆ مروڤ بێ هوودەییە نارەزایی بۆی هەبێت، بێجگە لە وادە لەناکاو و پێش وەختەکەی نەبێت

کاتێک دەرهێنەر بە پشت بەستن بە نواندنێکی سەرووی جوانی و دیالۆگی بە پێز، باس لە بێ کەڵکی ئەو فاکتەرانەی تاکی کورد بۆی شەهید بوون و هیچیان نەهاتنە دی، واتا لە شوێن گیان لە دەستدانێک بێجگە لە بنەماڵەیەک، هیچ شتێک نەگۆڕا، تەنیا بەختەوەری بنەماڵەیەک بۆ ماڵوێرانی و بەد بەختی گۆڕا، هەمان بێ ئەنجامی لەم ژینگە پیسەی خۆمان کە لە ئاست شەهید بووندا نییە، دەرهێنەر لێی بەدەر نەبوو هەمان بێ کەڵکی دەوروبەر و ژینگە پیسەکەمان بەسەریاندا زاڵ بوو، بەوەی تەنیا باسی شەهید، یان برینی بنەماڵەیەک بکرێت بە بەهانەیەک بۆ خستنەڕووی چەندان بابەتی تر، بەڵام کە بابەتە سەرەکییەکە شەهیدێکە و بنەماڵەیە، بێ نرخ مانەوە لەم دیمەنەی کۆتاییدا کاتێک لەگەڵ دەرکەوتنی دووکەڵ لەسەر تەختەی شانۆ و بۆ دەرچوونی ڕوحی شەهید وەک خەیاڵێک لەسەر شانۆ ساتی ڕۆیشتنی ئەکتەربوو لەسەر تەختە و کۆتایی پێهێنانی نمایش بوو، کەچی هەموو ئازارەکان لە دەروونی بنەماڵە و کەسانی شەهیددان دوای مردن دەست پێ دەکەن.

بە دیرێک ئایندە و گۆڕینی ژیانی ئەو کارەکتەرەی نەخستەڕوو! هیچ هەوڵێک بۆ ئاسۆیەکی ڕووناکتر لە دوای کۆتایی نایەت، دەرکەوتنی ڕوحی خەیاڵیی شەهید دوای چەند دیمەنێکی سەرەتایی دێت، بەڵام دوای چەندان دیمەن لە شێوەی یاریدا بۆ خستنە ڕووی بابەتی جیا جیا کۆتایی شانۆ دەرچوونی شەهید بوو، وەک ئەوەی چارەسەری بابەتەکە کەوتبێتە پەراوێزی گوتاری نمایشەوە.

ڕەنگە ئەم چاوەڕوانییەی من پەیوەست بێت بە جۆری دەستپێکی نمایش، کاتێک وردە وردە خرامە نێو یارییەکان، نەمویست بێت لە هیکرا کۆتایی پێ بێت یانیش سۆزم بۆ کارەکتەرەکە بێت، سروشتی ژیانیش هەروایە لە دوای هیچ مەرگێک ژیان کۆتایی نایەت و بەردەوامە.. سپاسی دەرهێنەر و ستافەکە دەکەم، چێژیان پێ بەخشیم.

**نمایشی شانۆیی**
**جانگۆری**
**لە دەقی نووسەر/ باقێ نازێ**
**ئامادەکردن و دەرهێنانی/ عادل حەسەن/ دلخاز حاجی**
**نواندنی/ کاردۆخ محەمەد/ خەلات ئورمان**
**لە ٢٠١٨/٢/٣ لە هۆڵی محەمەد عارفی جزیری نمایشکرا.**